# لەبەریتانیا یادی 14 ساڵەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بەرزڕاگیرا!


ئاسۆ گۆران

دوێنێ 2007/8/5 لەلەندەن بەئامادەبونی ئەندامان و دۆستانی هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و حزبی حیکمەتیست، یادی 14 ساڵەی دامەزراندنی حزبی عێراق سازدرا، لەم یادەدا سەرەتا ئاسۆ گۆران – کادری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، بەخێرهاتنی ئامادەبوانی کرد بەزمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی و پاشان بەرنامەی یادکردنەوەکەی ناساند.


سەعید ئارمان


نوری بەشیر

بەدوایدا نوری بەشیر – لێپرسراوی حزب لەبەریتانیا، ووتەی حزبی پێشکەش کرد، وە بەدریژی لەسەر زەرورەتی ئەم حزبە وەك حزبێکی مارکسیست لینینیست و چینایەتی سەربەچینی کرێکار لەکۆمەڵگای عێراقدا کەبەدریژایی 14 ساڵ توانیویەتی لەمەیدانەکانی خەباتی چینایەتیدا مەوجود بێت و وەك حزبێکی خۆشەویست لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان دەرکەوێت، هەموو ئەمانەش بوەتە شوێنی نیگەرانی ڕژیمی بەعس و ناسیونالیزمی کوردو هەتا دەوڵەتانی ناوچەکەو بەجۆرێك کەناسیونالیزمی کورد هێرشی چەکدارانەی بۆسەر حزب کردو ژمارەیەکی تیرۆرکردو بەردەوام لەگرتن و ڕاونانی ئەندامانی حزب دریغیان نەکردوە.

هەروەها لەدرێژەی قسەکانیدا نوری بەشیر لەسەر دەوروجێگای ناوچەیی و جیهانی حزب قسەی کرد، وە ئیشارەی بەدەورو گرنگیەك کەئەم حزبە هەیەتی کرد وەك تەنیا بەدیل و ئەلتەرناتیفیك کەبتوانێ کۆمەڵگای عێراق لەسیناریۆی ئەمرۆی دەرکێشێت...

لەکۆتایی قسەکانیدا لەسەر تەشخیصی دروستی ئەم حزبە بۆهەلومەرجی کوردستان، وە پرۆژەی پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری وەك کارێکی گەورەو عەزیمی ئەم حزبە ئیشارەی پێدا، وە ئیشارەی دا بەکۆبونەوە لەدەوری

ئەم حزبە و بەهێزکردن و ڕاگرتنی یەکپارچەیی ئەم حزبەی بەعاملێکی گرنگ دانا بۆ تاسیرێکی کۆمەلایەتی گەورەو گرنگ لەسەر چارەنوسی کۆمەڵگا.
بەدوایدا سەعید ئارمان – لێپرسراوی کۆمیتەی بەریتانیای حزبی حیکمەتیست، پەیامی خۆی بەتاکیدکردنەوە لەسەر زەرورەتی ئەم حزبە لەکۆمەڵگای عێراقدا ئیشارە پێدا و دەستگرتن پێوەی و بەهێزکردنی بەزەرورەتێکی گەورە ناوبرد....

بەشی دوەمی بەرنامەکە لەپارکێکی گەورەی شاری لەندەندا هەروەها بەحزوری هاوریان و دوستانێکی ترکەلەدەرەوەی لەندەنەوە هاتبون، بەمۆسیقا و هەڵپەرکێ و دانس و خواردن و خواردنەوەو چەند جۆر وەرزش و سەرحاڵێ بۆ منالان بەشێوەکی بەردەوام تا کاتێکی درەنگ وەخت بەسەربرا .





ڕێکخراوی بەریتانیای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق

2007/8/6

بۆ پەیوەندی :

Noori Bashir
Mob: 0796 066 9896
Email: n.bashir3@ukonline.co.uk

ئەدرەسی سایتی حیزب: **www.wpiraq.net**